# ڕاپەڕینە مەزنەکەی ١٩٨٧/٥/١٣ خاڵی وەرچەرخان بوو

عەبدولقادر شادی

هەڵدانەوەی لاپەڕە ڕەشەکانی مێژووی بەعس لەسەر کۆمەڵگای عێراق، یەکێکە لە کاری توێژەران و لێکۆڵەرەوان و بەڵگەیەکە بەدەستیانەوە بۆ زیاتر بە بابەت کردن و ڕسواکردنی دکتاتۆرێکی، وەک سەدام حسێن و داروەدەستەکەی. ڕووداوی ١٩٨٧/٥/١٣ یەکێکە لەو ڕووداوانەی کەدەستی ڕەشی حکومەتی بەعسی لەناوچەی هەڵەبجەدا دیارە پێیەوە.

## ڕووداوەکە چۆن بوو؟

هەر لەسەرەتای هەشتاکانەوە و داگرتنی لادێکانی کوردستان دژایەتی دەستی پێکردوە لەلایەن حکومەتی بەعسەوە بۆ ناوچەکە. بەم شێوەیانەی لای خوارەوە:

١. داوای سەرژمێریکردنی قوتابیان و خوێندکارانی پۆلی سێیەم و شەشەمی ئامادەیی، وەک لە بەڵگەنامەی ژمارە ٧٢٨٢/ی ٢٢/٢/١٩٨١ دا هاتووە.

٢. چاودێریکردنی زانایانی ئاینی و مزگەوت و خوێندنگای ئیسلامی هەڵەبجە و ناوچەکە، وەک لە بەڵگەی ژمارە ٣٠٨ ی ٤/٢/١٩٨٦ هاتووە.

٣. گرتنی کەسوکاری پێشمەرگەی کوردستان و ئەزیەتدانیان لەلایەن دەزگا ئەمنی و هەواڵگری ناوچەکەوە بە تایبەتی پێشمەرگەی (ی. ن. ک) لە سێدارەدانیان، بەڵگەی ژمارە ١١. کورد قڕان ل٢٥

٤. گرتنی مامۆستا و کەسایەتی هەڵەبجە و گواستنەوەیان لە شوێنی کار و ناوچەی

(٨٤)

الى مديرية أمن حلبجة
من معاونية أمن حلبجة

التاريخ ١٩٨٧/٥/١٣

الحاقاً لبرقيتنا ٢٨٠٦ في ١٣/٥/١٩٨٧
نتيجة المصادمات التي حدثت هذا اليوم بين القوة المشتركة والمتظاهرين في مدينة حلبجة أصيب وقتل الأشخاص المدرجة أسمائهم أدناه للتفضل بالعلم مع التقدير

ضابط أمن حلبجة

**القتلى**

- محمد عزيز بابام عمره ٥٠ سنة شغله عامل أهلي ساكن حلبجة محلة كانيا عشقان
- صديق مصطفى معروف عمره ٤٩ سنة شغله كاسب ساكن مجمع سيروان
- ميديا عثمان علي عمرها ١٧ سنة شغلها طالبة ساكنة حلبجة بيرمحمد
- رحيمه شريف حمه علي عمره ٥٠ سنة شغله معاون طبي ساكن حلبجة سيروان
- واحد محمد كريم عمره ٢٦ سنة شغله طالب ساكن حلبجة كانيا عشقان
- حمزة سليمان عثمان محمد عمره ١٦ سنة شغله طالب ساكن مجمع سيروان

**المصابين**

- جميلة رشيد محمد رسول عمرها ٥٠ سنة شغلها ربة بيت ساكنة حلبجة شيخ اسماعيل
- كريمه عبدالله قادر عمرها ٥٠ سنة شغلها ٨ = = = = =
- جلال فتاح قادر = ٢٠ سنة شغله كاسب = = = =

- عبدالرحيم رشيد محمد امين = ٤٥ سنة = فلاح = = = =
- عرفان فتاح مصطفى = ٩ سنوات = طالب = = = =
- كزال فتاح مصطفى = ١١ سنة شغلها ربة بيت = = = = =
- علي عبدالله فتاح = ٤٥ سنة شغله خادم في جامع ساكن حلبجة دور الكمالية
- اسماعيل عبدالقادر = ٦ سنوات = طفل ساكن حلبجة محلة شيخ اسماعيل
- حمادي حميد فرج = ٢٧ سنة = سائق أهلي = مجمع سيروان
- جمال حميد فرج = ٢١ سنة = = = = = =
- عثمان علي احمد = ٤٤ سنة = عامل زراعي في حلبجة ساكن كانيا عشقان
- عثمان علي كريم = ٥٤ سنة = كاسب = = = =
- فرشته محمد امين مصطفى عمرها ٣٥ سنة شغلها ربة بيت = = = =
- حبيبه عبدالله قادر = ٨ سنوات = طفلة ساكنة حلبجة شيخ اسماعيل
- حيدر محمود احمد عمره ١٣ سنة شغله طالب ساكن حلبجة بيرمحمد
- ريلين جمال عبدالقادر عمرها ٦ سنوات شغلها طفلة ساكنة حلبجة = =
- هيريا جمال عبدالقادر = ٤ سنوات = = = =

وثيقة رقم (٦) وهي عبارة عن برقية ارسلت لاسلكياً من ضابط امن حلبجة الى مديرية امن حلبجة اثناء المظاهرات.

خۆیان بۆ جێگای دوورتر، وەک لە سەر زۆر لەمامۆستا و کەسایەتیەکانی ناوچەکە ئەنجامیاندا.

٥. هەروەها دابەزاندن و گواستنەوەی گوندەکانی دەوروبەری هەڵەبجە لە (٢١٦) گوندەوە تەنها (١٨) گوندیان ماوەتەوە.

٦. بڕیاری کوشتن و گرتن بۆ دانیشتوانی شاری هەڵەبجە و بەتایبەت بریندارەکانی گەڕەکی کانی عاشقان، وەک لەبەڵگە نامەی ژمارە (٢٨٥٦) لەبەرواری ١٩٨٧/٥/١٣ دا هاتووە- تیایدا (١٧) کەسێک توشی گرتن و کوشتن و زیندە بەچاڵ کردن هاتوون.

## سەرەتایەک بۆ ڕووداوەکە:

ڕۆژانێک لە هەڵەبجە گشت دانیشتوانی شار و دەوروبەرەکەی ژیانیان بە خۆشی و دوور لە هیچ جۆرە گرفت و ناخۆشیەک بەسەردەبرد. لە ناکاوێکدا مقۆمقۆیەک کە یەکێک بوو لەکارە هەمیشەییەکانی ڕژێم خۆی کەوتە ناو خەڵکیەوە گوایە حکومەت بەنیازە هەڵەبجە بگوازێتەوە بۆ ناوچەیەکی تر و ئێرەش بکاتە مەیدانی شەڕی عێراق — ئێران. هەر لەم بارەشەوە چەند کارێک ڕووداوەکەی ئەسەلماند، وەک هاتوچۆکردنی ئۆتۆمبێلە سەربازیەکانی خۆیان لەشەودا و گەیاندنی هێزی لیوای دەرەوەی ناوچەکە و توند و تۆڵکردنی ناوچەی سەربازگەی سەرەوەی شار و گەڕەکی سەرای هەڵەبجە، چونکە گشت بەرپرسەکان و ئەمن و ئیستخباراتی حکومەت لەوێدا نیشتەجێبوون. بەمەبەستی پاراستنی گیان وماڵیان چەندین شەو پشکنینیان دەکرد لەناو گەڕەک و ماڵەکاندا و داوا لەهێزە خەفیفەکان دەکرا کە جەردی خۆیان بکەن و هێزەکانیان توند و تۆڵ بکەنەوە. تاوەکو ئاگاداری گشت جوڵە و هاتوچۆکان بن.

دەرگای مزگەوتەکان بەشەوان دادەخرا و نوێژی خەوتنان نەدەکرا. ڕۆژانە چیرۆک و داستانی سەیر و سەمەرە کە لە شەودا ڕوویاندەدا دەگێڕدرانەوە.

تا ڕۆژ گەیشتە سەرەتاکانی مانگی ١٩٨٧/٥ ڕاپەڕینێکی جەماوەری ڕویدا و سەرەتا لەگەڕەکی کانی عاشقانەوە دەستی پێکرد و پاشان کەڕەگی کانی قوڵکە و دواتر گشت شاری هەڵەبجە و سیروان و خورماڵ و ... هتد جێگاکانی تر هاتنە ڕیزی جەماوەری ڕاپەڕیوەوە.

حکومەت بە جەیش و جاشەوە شڵەژان و نەیانزانی وەزعەکە چۆن دەڕوات بەڕێوە.
هاتوچۆیان قەدەغە کرد، لە هەر کوێیەک جەماوەر و کۆبونەوەیەک ڕووی بدایە بە پەلە ڕوویان دەکردە ئەوێ بەمەبەستی کپکردن و بڵاوەپێکردنی خەڵکەکە.
ڕاپەڕینەکە لە ٩٥٪ لاوان بوون و کارەکەیان بەڕێوە دەبرد. داواکرا هێزی تر بگەیەنرێتە هەڵەبجە و کۆمەکی تر بکرێن بۆ کپکردنەوەی ڕاپەڕینەکە.
بۆ ئەو مەبەستەش ڕژێمی بەعس هێزی لیوای (٤٣) بەقیادەی (عەلی حەسەن مەجید) ڕەوانەی ناوچەکە کرد بەچەندین تانک و زرێپۆش و چەکی قورس و سووک و سەدان سەرباز کە لەناویاندا جەیشی ئوردونیش هەبوون.
سێ چوار کۆپتەری عێراقی ئامادەکرا و دەستیان کرد بەسەر ئاسمانی هەڵەبجەدا و ئەوەبوو هەندێ جێگای دەست نیشان کرد و ناپاڵم ڕێژی کردن. لەمەشەوە چەندین هاوڵاتی بێتاوان لە پیاو ژن و منداڵەوە بریندار بوون و هەندێ جێگاو ماڵیش توشی زەرەر هاتن. بریندارەکان ڕەوانەی نەخۆشخانەی گشتی عەنەب کران بەمەبەستی چارەسەر کردنیان، دوای ئەوەی برانە نەخۆشخانە، ئەمنەکان ئاگاداری ئیدارەی نەخۆشخانەکەیان کرد کەچارەسەریان نەکەن و نەش هێڵن کەسیان لێ بچێتە دەرەوە، ئەوانەشی کەهاتوون لەگەڵیاندا، بۆیە هەروابوو چەند کەسێکی کەم نەبێت هاتنە دەرەوە کەسیان نەهاتنەوە بۆ ناوماڵ و خێزانەکانیان و دواتر بڕیاری زیندە بەچاڵ کردنی سەپاند بەسەریاندا بەبڕیارێکی عەلی حەسەن مەجید (عەلی کیمیایی) بەسود وەرگرتن لەشۆفڵ و سەیارەی ئەمن و ئیستخبارات لەپارچە زەوییەک لەڕێگای سازان لەپشتی گوندی بامۆکەوە*. دەستکرا بەگرتن و پشکنینی گشت ماڵ و جێگاکانی ناو هەڵەبجە بە مەبەستی کپکردنەوەی ڕاپەڕینەکە بۆ ئەو کارە بینای ئیستخباراتی هەڵەبجە، کەدەکەوتە پشت کۆمەڵگای دائیرەکانی ئێستای هەڵەبجە پڕکرا لەمرۆڤی بێتاوانی پیر و لاوی دانیشتوان، کە لە تەمەنی ١٤ ساڵیەوە بۆ تەمەنی ٧٠ ساڵی تیادابوو. نزیکەی ٢٠ کەس دەبوون من کە نووسەری ئەم بابەتەم خۆم و باوکمی تێدابوو. هەرلەوێش دەوترا کە کچ و ژنیش گیراون، بەڵام لەجێگایەکی تر دانراون. گەڕەکەکانی کانی عاشقان بەپلەی یەکەم بەر کارەسات کەوت و بە بڕیارێک کەماوەی سەعاتێک کەمتر ماڵەکانیان چۆڵ بکەن ئینجا (٣٥٠) خانوو بە ناپاڵم و شۆفڵەکانی ئەو کاتەی حکومەت لەگەڵ زەویدا یەکسان کران. هەندێک

سري فوري — وقت الانشاء — ت ر

من / آمرية جحفل الدفاع الوطني الخامس
الى / اعضاء اللجنة الامنية في حلبجة
و / ق ٠ ق جح د وطني / ١

رقم العشي ٠ / ١س / ٦١٣

أمر السيد قائد الفيلق الاول وبايعاز من السيد الرفيق علي حسن مجيد مايلي (٠)١(٠) اعدام الجرحى المدنيين بعد التأكد من المنظمة الحزبية ودائرة الأمن والشرطة ومركز استخبارات حلبجة بعاونتهم للسلطة (٠)٢(٠) الاستفادة من الناقلات والبلدوزرات لقلع محلة كاني كشكان (٠)٣(٠) يعالج اي تجمع من قبل جهاز الشرطة والامن والجيش (٠)٤(٠) يمنع التجول من الآن وحتى اشعار آخر من شرطنا (٠)٥(٠) تدمير اي دار بالدبابات والبلدوزرات يصدر او توجد بها حدث نار ومؤشر لدى القوة (٠) انتهت.

العميد

آمر جحفل الدفاع الوطني الخامس

وثيقة رقم (٥)

صورة البرقية التي تتضمن اوامر المجرم علي حسن مجيد التي تقضي باعدام الجرحى المدنيين من المتظاهرين ونسف محلة كاني عشقان ...

(٦٩)

هەبوون ئەوەیان بە باش دەزانی کەئەگەر نەیەنە دەرەوە لەناو ماڵەکانیان ئەوە عەفو دەکرێن و خانووەکانیان ناڕوخێنن، بەڵام ئەوان بەحکومی بڕیارەکەی سەرەوە گشتیان تەقاندەوە و تاوەکو کاک (حاجی ئەحمەد) و دایە (قەدحە) بوونە یەکێک لەوانەی لەناو ماڵەکانیان خانووەکانیان ڕووخان بەسەریاندا و بوونە ژێرەوە هەروەها خەڵکێکی زۆر ئاوارەیی ئێران بوون.

نەوشیروان مستەفا لەکتێبەکەیدا دەڵێ:" لەڕۆژانی ١٢ و ١٩٨٧/٥/١٣ لەسەید سادق و خورماڵ و سیروان و هەڵەبجە، دانیشتوانی ناوچەکە ڕاپەری بوون و هەڵگەڕانەوەیەکی گەورەش لەناو ڕیزەکانی جاشەکاندا بووبوو، بەڵام زۆر زوو دەستیان گرتبووەوە بە سەر ناوچەکەدا. چەند سەد کەسێ لەچەکدارە کوردەکانی ڕژێم و چەند هەزار کەسێ لەدانیشتوانی ناوچەکە هەڵات بوون بۆ ئێران"**

بەڵێ هەرزوو بوو لەلایەن حکومەت شار گیرایەوە خەڵکانێکی زۆر ئاوارەی ئێران بوون و باقیەکەی تریش ژێر دەستەی ڕژێم بوونەوە، دواتر حکومەت حسابێکی تری بۆ ناوچەکە کردوو باشتر لە ستراتیژی کارەکانی خۆی داینا. سەردانی قوتابخانەو خوێندنگاکانی بەبەردەوامی دەکرد و داوای هەڵواسینی وێنەی دیکتاتۆری لێ دەکردن، نەخۆشخانەکانی ناوچەکەی باشتر چاودێری دەکرد تاوەکو بزانێ بریندار و دەرمان ئامادە ناکرێت بۆ (پێشمەرگە) مامۆستاکانی خوێندنگاکانی دەگواستەوە و شوێن گۆرکێی پێدەکردن. ئاگاداری مزگەوتەکانی دەکرد کە وتارەکانی هەینی نوسخەی لێ بنێرن بۆ معاونیەت و ئیستخباراتی ناوچەکە. مەلاکانی کێش دەکرد تاوەکو لەلای قائیمقامیەت و ئەمن مووچەی مانگانەکانیان وەرگرن.

ناوبەناو داوای پێناس و هەویەیان لە لاو و پیاوەکان دەکرد. لەنیوەی ساڵدا کاتی پشوو خوێندکارەکانیان دەگرت و پەلکێشی سەربازگەکانیان دەکرد بۆ تەدریب و ئەزیەتدانیان.

ئەم کارە بەردەوام بوو، تاوەکو کارەساتی کیمیابارانەکەشی بەسەردا هاتوو بە تەواوەتی هەموو ناوچەکە بوو بە قەدەغە و پێنج هەزار شەهید و پانزە هەزار بریندار و حەفتا هەزار ئاوارەی لێ لێکەوتەوە.

دواتر خەڵکی هەڵەبجە گەڕانەوە شوێنەکانی خۆیان و دەستیان کردەوە بە ژیانی خۆیان و گەڕەک ماڵەکانی خۆیانیان وەک سەرەتاترین ژیان بەسەر برد. لەم کاتەشدا

ڕێکخراوە خێرخوازەکان ڕوویان کردە ناوچەکە و گەڕەکی کانی عاشقان ئاوڕێکی خێری لێدرایەوە. هەندێ پڕۆژەی بۆ ئەنجام درا، وەک ئەمانەی خوارەوە:

- دروستکردنی (٢٠٠) خانوو لەلایەن ڕێکخراوی (چلدرن ریلیف) ەوە.
- بنکەی تەندروستی کۆکۆیی لەلایەن ڕێکخراوی قەندیلی سویدی.
- دروستکردنی ئاوەڕۆی سنوقی هەڵەبجە.
- نەخۆشخانە و قوتابخانەیەک.
- مزگەوت — دەزگای فریاگوزاری ئیسلامی جیهانی.

**پەراوێز:**

* بیرەوەریەکانی هەڵەبجە، بکر حەمە سدیق عارف — وەزارەتی ڕۆشنبیری — خانەی وەرگێران.

** خولانەوە لەناو بازنەدا، نەوشیروان مستەفا، چاپی دووەم، ل١٢٩/١٩٩٩ .

سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:


١. کورد قڕان، لەتیف فاتیح و مەجید ساڵح/ بەرگی یەکەم، ٢٠٠٣ — بۆ

**بەڵگەکان.**

٢. مرثیة حلبجة، Θ∑dž اللة محمود زادە، چاپی دووەم/ ١٩٨٨.

٣. خولانەوە لەناو بازنەدا، نەشیروان مستەفا، چاپی دووەم،/١٩٩٩ .

٤. ملحمە مجلد التفسیر العدد الرابع/١٩٨٩ .


ناوی برینداربوان وبزربوان و شەهیدان و زیندەبەچاڵەکانی سنوری هەڵەبجەو هەورامان و شارەزوور لەڕاپەڕینە مەزنەکەی ١٩٨٧/٥/١٣ دا

کوژراو زیندە بەچاڵەکانی هەڵەبجە:

١. محەمەد رەسول هەروەها دایکیشی

٢. محەمەد عەزیز بارام

٣. میدیا عوسمان عەلی

٤. سدیق مستەفا مەعروف

٥. حەمەشەریف حەمەعلی

٦. فاتمە سەعید حەمەکەریم

٧. حەمزە سلێمان عوسمان

٨. مەریوان ڕەشید
٩. عەبدولقادر ئەحمەد
١٠. جەمیل ڕەشید محەمەد
١١. فەیمە عەبدوڵڵا قادر
١٢. عەبدولڕەحیم ڕەشید حەمەئەمین
١٣. جەلال فەتاح قادر
١٤. فرمان فەتاح مستەفا
١٥. کەژاڵ فەتاح مستەفا
١٦. عەلی عەبدوڵڵا فەتاح
١٧. ئیسماعیل عەبدوڵڵا قادر
١٨. جەمال حەمید فەرەج
١٩. عوسمان عەلی کەریم
٢٠. عوسمان عەلی ئەحمەد
٢١. حەسیبە عەبدوڵڵا قادر
٢٢. حەیدەر مەحمود ئەحمەد
٢٣. زوڵێخا جەمال عەبدولقادر
٢٤. میدیا جەمال عەبدولقادر
٢٥. نادیە سەید فەرەج
٢٦. فریشتە حەمە ئەمین*
٢٧. فەرەج عەبدوڵڵا عەلی**

## کوژراو و زیندەبەچاڵەکانی هەورامان:

١. حەسەن سەعید/ هانەی قوڵ
٢. فازیل محێدین/ هانەی قوڵ
٣. حاجی مەجید کەریم/ هانەی قوڵ
٤. عەبدوڵڵا ئەحمەد/ گوندی زەڵم
٥. عوسمان شەمسەدین/ زەڵم

٦. سەرکەوت محەمەد/ زەڵم
٧. عومەر شمسەدین/ زەڵم
٨. سامان شەمسەدین/ زەڵم
٩. ئازاد حسێن/ زەڵم
١٠. زەینەدین حەمەساڵح، ئەحمەد ئاوا
١١. ئەحمەد ئیسماعیل/ ئەحمەد ئاوا
١٢. حەمە ساڵح محەمەد/ ئەحمەد ئاوا
١٣. فەرحان ئەحمەد مارف / یاڵانپێ
١٤. مەنسور محەمەد عیزەت/ یاڵانپێ
١٥. جەمال حامید ساڵح/ یاڵانپێ
١٦. سەلام حەمەئەمین عەلی/ یاڵانپێ
١٧. تەیب سەلیم حەمە رەشید/ یاڵانپێ
١٨. جەمال عەلی سەرگەت/ سەرگەت
١٩. عەبدوڵڵا مەحمود عەزیز/ سەرگەت
٢٠. حەمە کەریم حەمە شەریف/ سەرگەت
٢١. نوری محەمەد حەسەن/ دێکۆن
٢٢. نادر حەمە ساڵح مەجید/ دێکۆن
٢٣. حەمە نەجیب حەمەخان عەزیز/ دەرەی مەڕ
٢٤. رەحمان قادر/ درەی مەڕ
٢٥. یونس رەحیم عەبدوڵڵا/ دەرەی مەڕ

## بریندارbووەکانی شارۆچکەی سیروان:

١. مەلیحە توفیق تەمر – بریندار .
٢. نەوزاد حاجی عەبدولقادر – بریندار .
٣. ئەحمەد عەبدولکەریم – بریندار .
٤. غولام مارف – بریندار .
٥. فایق محەمەد خەلیفە – بریندار .

## بریندارو شەهیدەکانی سەید سادق:

١. حەسەن مەلا رەحیم- شەهید

٢. حەمەی حاجی سدیق - شەهید

٣. عەینا خێزانی حەمەنوری خانەقینی - شەهید

٤. گوڵچین حاجی مەحمود – خویندکار- شەهید

٥. محەمەد حاجی حەمەساڵح – خویندکار- شەهید

٦. حیدر حاجی حەمە نەجیم شانەدەری- شەهید

٧. خێزانەکەی شێخ ئیسماعیل شێخ غەریب- شەهید- هەروەها ماڵەکەشیان سوتاندن.

٨. عەبدوڵڵا شێخ ئیسماعیل شێخ غەریب – بریندار

٩. دکتۆر جەمال و لەتیف حاجی ئەحمەد و عومەر محەمەد لەگەڵ چەند کەسی تردا لە ناو حەمامی سید سادق بە چەکی فسفۆڕ سوتێنران.

١٠. سەبیحە حاجی رەزا ناوگردانی- شەهید

دوو رۆژ دواتر هەردوو گەڕەکی حەسار و چەقان تەقاندەوە و لەگەڵ زەویدا یەکسان کران.

### تێبینی:

* فریشتە حمە امین کەناوی لەبەڵگەکەدا هاتووە لەخەستەخانە دەرکراو شەهید نەکرا و ئێستاش لەژیاندایە و دانیشتووی هەڵەبجەیە.

** فەرج عەبدوڵڵا عەلی لەگەڵ مامیدا (عوسمان عەبدوڵڵا عەلی) هاوڕێی بوو جیانەبوویەوە لێی تاوەکو ئەویشیان زیندە بەچاڵکرد. بەڵام ناویشی لەهیچ جێگایەکدا نییە. بۆیە بۆمان زیاد کرد.



### عەبدولقادر ئەحمەد شادی

- ١٩٧١ لە هەڵەبجە لەدایکبووە.
- دەرچووی ئامادەییە.
- ١٩٨٩ بووە بە ئەندامی کۆمەڵەی ئەدەبدۆستانی ئاوارەکانی جوانرۆ.
- ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانە.
- ٦ کتێبی چاپکراوی هەیە.
- ئێستا فەرمانبەرە لە بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری هەڵەبجە.